سەرۆک وەزیران لەکاتێکی نزیکدا سەرجەم پرۆژەکانمان لە شاری موسەننا دەستپێدەکەن



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، نزیکبوونەوەی کاتی دەستپێکردنی ئەو پڕۆژانەی پشتڕاستکردەوە کە بڕیاری پەدابوو لە شاری موسەننا.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا، باویکردەوە" محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازی لە پارێزگاری موسەننا موهند ئەلعەتابی وسەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا ئەحمەد موحسین دریول، وهەردوو جێگری پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا کرد."

سودانی پیرۆزبایی هاتنی مانگی ڕەمەزانیان کرد، هەروەها پیرۆزبایی لە ئامادەبووان کرد بە بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی پارێزگاکە، وجەختیشیکردەوە لەگرنگی ئەنجومەن و پارێزگار بە پێکهێنانی یەک تیمە کردەوە بەمەبەستی تێواوکردنی ئەو پڕۆژانەی کە هاوڵاتیانی چاوەڕێی دەکات.

سەرۆک وەزیران داوایی کرد تیمێکی خزمەتگوزاری بچووک لە هەر پارێزگایەک پێکبهێنرێت، بەمەبەستی ئەوەی گرنگی زیاتر بە پارێزگاکانی موسەننا و بابل و دیوانیە بدات، چونکە ئەوان لاوازترینن لە ڕووی ژێرخانەوە، جگە لەوەی وریا بێت کە دەستپێکردنی تەرخانکردنی دارایی بۆ پارێزگاکان دوا نەخات، و ئاشیگیاند کەئەو پڕۆژانەی کە بڕیاری پەدابوو لە موسەننا، بەتایبەتی نەخشانەکان، بەم

زووانێ دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە".

سودانی ڕوونیکردەوە، ڕەشکی ئەرێنی هەیە سەبارەت بە سروشتی کاری وەبەرهێنان لە موسڵنا، کە 52 هەزار هێلی کار دەخسێنێت، وجێختیشیکردەوە لەگرنگی پشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت لە پارێزگاکەدا کردەوە، چونکە هێلی کار بە هاووڵاتیان دەخسێنێت، بۆ پێیەحکومەت بردەوامە لە هەوڵکانی بە دابینکردنی بەدیل بە دڕچووان و بێکاران لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی دا.

سەرۆك وەزیران جەختی لەپێویستی عەقڵانیکردنی بێکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی لە شاری موسڵنا و شوێنەکانی دیکە کرد بە مەبەستی پاراستنی ئەم سامانە، ئاماژەی بۆشکرد کە حکومەت گرێبەستی کردووە بە ١٢ هەزار سیستەمی ئاودێری مۆدێرن، ئەمە جگە لەوەی بردەوامە لە ئامادەکردنی لەکێڵینەوەیەک بە هاوکاری بانکی ناوەندی بە دەستپێکردنی دەستپێشخەریەکی گشتگیر لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و نیشتەجێبووندا.